Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# و سیناریۆکانی بەردەم هەرێمی کوردستان

ئامادەکردن لەلایەن:

**ڤیژن فاوندەیشن**

**ئاداری ٢٠٢٦**

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# گرژییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیناریۆکانی بەردەم هەرێمی کوردستان

لە رۆژی 28/2/2026 ئەمریکا و ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر ئێران و دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، 47 ساڵە ئێران دروشمی مەرگ بۆ ئەمەریکا دەڵێتەوە و هاوکاربوون لە هێرشکردنە سەر ئەمەریکا و ئەو هێرشەی کە حەمماس کردییە سەر ئیسرائیل، وتی، رێگەنادەن چیتر ئێران ببێتە هەڕەشە لە ناوچەکە و جەختیکردەوە کە دەیانەوێت بە تەواوەتی مەترسییەکانی ئێران و گروپەکانی سەر بەو وڵاتە کۆتاییبێت.
هەر لە یەکەم رۆژی دەستپێکی هێرشەکاندا کوژرانی ئایەتوڵا عەلی خامنەیی، رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران و ژمارەیەک فەرماندەی باڵای ئەو وڵاتە راگەیەندرا، لەگەڵئەوەی سەرەتا ئێران رەتیدەکردەوە، بەڵام لە بەرەبەیانی رۆژی دووەمی هێرشەکاندا پشتڕاستکرایەوە.

ئێران وەک تۆڵەکردنەوە هێرشیکردە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی دراوسێی، وەك وەڵامێك بۆ ئەو هێرشانەی دەکرێتەسەر وڵاتەکەی و بەرگریکردن لە خۆی، لەو وڵاتانەش کە بەر هێرشەکانی ئێران کەوتن قەتەر، بەحرەین، ئیمارات، کوەیت، ئەردەن، لوبنان، قوبرس، سعودیە، تورکیا، ئازەربایجان، عێراق و هەرێمی کوردستان بوون، لەگەڵ ئەوەی بە بەردەوامی لە ئێرانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە ئەم هێرشانە بۆ بەرگرییە لە وڵاتەکەیان، بەڵام نائارامی لەو وڵاتانە بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە.

هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو ناوچانەی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بوونی بنکەی سەربازیی ئەمریکا و بارەگای بەشێک لە هێزەکانی رۆژهەڵات، رووبەڕووی هێرشی ئێران و گرووپە چەکدارەکان بووەتەوە، تا ئامادەکردنی ئەم پەیپەرە و لە دوازدە رۆژی شەڕدا سەدان هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، بەهۆیانەوە پێنج کەس کوژراون و 20 کەسیش بریندارلبوون کە سێ کەس لەو قوربانیانە هاوڵاتیی سڤیلن.

ئەو شوێن و ناوچانەی لە هەرێمی کوردستان دەکرێنە ئامانج، کونسوڵخانە و بنکە سەربازییەکان، بارەگا و کامپی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هۆتێل و هێزەکانی پێشمەرگە و کێڵگە نەوتییەکانن، کە ئەم هێرشانە هۆکارێکی سەرەکین بۆ تێوەگلانی هەرێمی کوردستان لەم جەنگە و ئاسایشی هەرێمەکەش دەخاتە ژێر مەترسییەوە.

لەم پەیپەرەی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی هەوڵدەدەین لێکدانەوە بۆ دەرئەنجامەکانی جەنگەکە و لێکەوتەکانی لەسەرهەرێمی کوردستان و سیناریۆکانی ئایندە بکەین.

## یەکەم: هەوڵدان بۆ تێوەگلاندنی هەرێمی کوردستان

ئەگەر ئەم شەڕەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران دەستیانپێکردووە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، ئەوا ڕووداوەکان لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەگۆڕێن، ئەگەر ئەمریکا هەرێمی کوردستان ناچار بکات بە جۆرێک لەجۆرەکان خاکەکەی بەکاربهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر ئێران ئەوە بە مانای تێوەگلانی هەرێمی کوردستان دێت لەم شەڕەدا کە دەکرێت لە چەند لایەنێکەوە زیانی لێبدات و ببێتە مایەی تێکچونی ئاسایش و سەقامگیری هەرێم.

تا ئێستا هەرێم کوردستان و هێزە سیاسییەکان، سیاسەتی بێ لایەنی و هاوسەنگی و نەبوون بە بەشێک لەجەنگەکەی هەڵبژاردووە کە سیاسەتێکی ڕاست و دروستە، پێویستە لەسەری بەردەوامبێت و ڕێگە نەدات خاکەکەی بەکاربهێنرێت و ببێتە بەشێک لە جەنگەکە، چونکە:

1.هەرێمی کوردستان ئەجێندای دەرەکی و بەرژەوەندیی نییە لە دەستوەردانی لە دەوڵەتی دراوسێ. ئەوەی ڕوودەدات پەیوەندیی بە کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە و ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانەوە هەیە.

2.هەرێمی کوردستان لەڕووی سەربازی و ئابووری و سیاسییەوە لاوازە بەراورد بە دراوسێکانی، هەرێم کەرەستە و جبەخانەی پێویست و پێشکەوتووی لەبەردەستدا نییە بۆ پاراستنی خۆی.

3.ئەمریکا و ئیسرائیل جێ متمانە نیین کە تا سەر دۆستی کورد بن و پارێزگاری لێبکەن، بەتایبەتیش لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆک ترەمپ کە سیاسەتەکانی ناڕوون و بەردەوام لە گۆڕانکارییدان و تەنها گرنگی بە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆی دەدات و باشترین بەڵگەش نمونەی مامەڵەکردنییەتی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان کە پێویستە ببێتە وانە بۆ کورد.

4.بەحکومی جوگرافیا، هەرێمی کوردستان دراوسێی فارس، تورک و عەرەبە و بەردەوام کارلێک و کاریگەریی هەبووە و دەبێت. بۆیە گۆڕانی ڕژێم و دەسەڵات و سەرکردە و حیزبەکان لەو وڵاتانە بەمانای گۆڕانی تێڕوانین و سیاسەتەکانیان نییە بەرامبەر کورد و ڕەنگەی لەوەی ئێستاش خراپتربن.

بەپێی دەستووری عێراق (ماددەکانی ١١٠ و ١١٤) پاراستنی سنورەکان، ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوە بە ئەرکی دەسەڵاتی فیدراڵی دادەنرێت. حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێم کار بۆ ڕێکارەکانی پاراستن و گەرەنتیکردنی سنوورەکان دەکات، بەتایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیا.

ئەگەر ئەمریکا بە هەر جۆرێك بیەوێت هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی خۆی لەم شەڕەدا بەکاربهێنێت هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەردەم پێشێلکردنی دەستووری عێراقی و لە داهاتوودا ڕووبەڕووی مەترسی و کێشەی گەورەی دەکاتەوە لەگەڵ عێراق، بەتایبەت لەکاتێکدا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق لە فەتوایەکی نوێیدا دەڵێت، بەرگریکردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ شوێنکەوتووانی (ئەرکی سەرشانی هەمووانە) و بە (الواجب الكفائی) ناوی دەبات.

دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا، لە لێدوانە جیاوازەکانیدا لەماوەی ئەم شەڕەدا چەند جارێك باسی کوردی کردووە. هەندێك دژبەیەکی لە قسەکانیدا بەدیدەکرێت، لە سەرەتادا ڕایگەیاند کە نایەوێت کورد هێرش بکاتەسەر ئێران و وتی، دۆخەکە خۆی ئاڵۆزە و هەر بەشدارییەکی کوردەکانیش دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.

بەڵام هەر زوو بە پەیوەندیکردنی بە سەرکردەکانی کوردەوە، ترەمپ داوای کردووە کورد لایەنێك هەڵبژێرێت، یان ئەمریکا و ئیسرائیل یان ئێران، ئەمەش دۆخەکەی بۆ کورد سەختتر کردووە و لەئێستاشدا کورد بەردەوامە لە پاراستنی بێلایەنیی خۆی و بەردەوام سەرکردەکان باس لە راگرتنی شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێی گفتوگۆوە دەکەن، کە تا ئێستا ئەمە خاڵێکی ئەرێنییە بۆ کورد و هەرێمی کوردستان.

ئەمریکا دەیەوێت، بە هەموو جۆرێك هەژموونی ئێران لە ناوچەکە کەمبکاتەوە، عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەهۆی بوونی پەیوەندییەوە لەگەڵ ئێران بوونەتە ئامانجی ئەمریکا، بەشێوەیەك ئەمریکا دەیەوێت ئەم هەژموونە لە عێراق نەهێڵێت و ناوچەکە بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی و ئیسرائیل دابڕێژێتەوە. لە بەرامبەردا، لەڕێی وتەبێژی فەرمیی سوپای پاسدارانەوە ئێران راستەوخۆ ناوی هەرێمی کوردستانی هێنا و هەڕەشەی کرد کە نابێت هەرێمی کوردستان ببێتە مەترسیی بۆسەر ئێران، کە ئەمە پێشینەیەکی مەترسیدارە دەسەڵاتدارانی ئێران بەمجۆرە ناوی هەرێمی کوردستان بهێنن و هەڕەشە بکەن.

ئێران دەیەوێت لەڕێی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە ئەمنییەتی سنوورەکانی خۆی بپارێزێت، لەڕێی پەرلەمانەوە فشارەکانی بەردەوامبوون بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، عێراق و هەرێمی کوردستان بکاتە ناوچەیەکی ئارام بۆ وڵاتەکەی و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی، هاوکات لە هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی سیاسیی بکات و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بخاتەژێر رکێفی خۆیەوە.

## دووەم: مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان

### 1.لەڕووی ئاسایشەوە

ئەمجارە پریشکی جەنگی ئێران و ئەمریکا- ئیسرئیل بەر هەرێمی کوردستان کەوت و هێرشە موشەکی و درۆنییەکان بوونەتە هەڕەشە بۆسەر ئاسایش و سەلامەتیی هەرێم، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی جێوپۆلەتیکیی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵدان بۆ راکێشان و تێهەڵکێشکردنی هەرێم بە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

هەرچەندە هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لە جەنگەکە و خاکەکەی بەکارنەهێراوە بۆ هێرشکردنە سەر دراوسێکانی، بەڵام بەردەوام رووبەڕووی هێرش و هەڕەشە دەبێتەوە. لەڕووی دەستورەوە ئەرکی پاراستنی هەرێم بەتایبەتیش لەڕووی ئاسمان و سنوورەوە لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی عێراقە. بەڵام نەک هەر تەنها سوپای عێراق، هەرێمی نەپاراست بەڵکو بەشی زۆری هێرشە درۆنییەکان لە ناوخۆی عێراقەوە ئەنجامدەدران.

یەکێک لە کێشە گەورەکان ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە رادار و سیستەمی بەرگریی ئاسمانی پێشکەوتووی نییە کە توانای رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشانە هەبێت. جگە لەو سیستەمی دژە ئاسمانییەی کە ئەمریکا بۆ پاراستنی بنکەی سەربازییەکانی بەکاریدەهێنێت لە فڕۆکەخانەی هەولێر و کونسوڵخانەکەی، بۆیە لەپارێزگاکانی سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە هیچ سیستەمێك بۆ خستنەخوارەوەی درۆنەکان نین، بەجۆرێك لە شاری سلێمانی هێرش بۆسەر هێزەکانی 70 لەلایەن گروپە چەکدارەکانی سەربە ئێرانەوە ئەنجامدرا، بەڵام سیستەمێکی پێسکەوتوو نەبوو بۆ وەڵامدانەوە و بە فیشەك هەوڵی خستنەخوارەوەی درۆنەکان دەدرا.

خودی هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزەی پێشمەرگەیە، پێویستبوو ئەم هێزە هەوڵی کڕین و دەستخستنی رادار و سیستمی دژە ئاسمانی بدات، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە شێوازی جەنگ گۆڕاوە بۆ جەنگی دوگمە، موشەک و درۆنەکان.

هێزەکانی هاوپەیمانان، یەکێکی دیکەن لەو هێزانەی کە ماوەیەکی زۆر ئەرکی پاراستنی ناوچەکەیان لە مەترسییەکانی داعش لە ئەستۆدابوو، کە هەرێمی کوردستانیش بەشێك بوو هەم لە پاراستنەکە و هەم لە هاوپەیمانێتییەکە، بەڵام ئەم هێزانەش کە تا ئێستاش بە شێوەی مەشق و راوێژ لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، هیچ سیستمێکی وەڵامدانەوەی درۆن و راداریان نەداوە بە هەرێمی کوردستان و ئەوەی هەیە بۆ پاراستنی خۆیان لە ناوچەکە بەکاریدەهێنن.

ئەو هێرشانەی دەکرێنەسەر هەرێمی کوردستان بەشێکیان راستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە ئەنجامدەدرێت، وەك ئەو هێرشەی کرایەسەر پێگەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ، بەشێکی دیکەیشیان لەلایەن گروپەکانی سەر بە ئێرانەوە (حەشدی وەلائی) و مقاوەمەی ئیسلامی ئەنجامدەدرێن و لەلایەن گروپی (سرايا أولياء الدم) بەشێك لە هێرشەکان لە ئەستۆ گیراون.

بەشێکی زۆری ئەم هێرشانەی ئەم گروپانە ئەنجامیان دەدەن لە کەرکوك و موسڵ و مەخمور و دوزخورماتووەوەیە، کە بۆشایی ئەمنییان تێدایە و رێگەی بۆ ئەو گرووپانە خۆشکردووە، بە ئاسانی ئامانجەکانیان لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بپێکن.

ئەم گروپانە زۆرینەی هێرشەکانیان لەڕێی درۆن، موشەك و هاوەن ئەنجامدەدەن، بەشێکی زۆری ئامانجەکانیان دەپێکن و راستەوخۆ خاکی هەرێمی کوردستان و سەروەرییەکەی دەبەزێنن، بە بیانوی بوونی بنکە و بارەگای ئەمریکا لەناو خاکی هەرێمی کوردستان.

لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم هێرشانەی ئێران بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئاسایش و ئارامیی هەرێم و ناوچەکە بەتەواوەتی تێکدەچێت، ترس و دڵەڕاوکێ لەناو هاوڵاتییان بڵاودەبێتەوە و لە کۆتاییشدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان دروستدەکات.

**2.مەترسییە ئابوورییەکان**

لەگەڵ یەکەم هێرشی ئیسرائیل بۆسەر ئێران، لە هەرێمی کوردستان ترس لە کەمبوونەوەی خۆراك و گرانبوونی شمەك دروستبوو، هەر زوو ژووری بازرگانی دڵنیایی بە هاوڵاتییاندا کە کۆگاکان بڕی پێویست خۆراکیان تێدایە و مەترسیی گرانی و کەمبوونەوەی پێداویستی و شمەکەکان دروست نابێت، بەڵام ئەمە ئەو راستییە ناشارێتەوە کە بەشێکی زۆری پیداویستیی و خۆراك و کاڵا و کەلوپەلەکانی هەرێمی کوردستان لەڕێی وڵاتانی دراوسێییەوە بەتایبەتیش ئێرانەوە دێتە هەرێمی کوردستان.

ئەم جەنگەی ئێستا لە ئێران روودەدات بووەتەهۆی داخستنی سنوورەکان و کەمبوونەوەی جوڵەی بازرگانی تا ئاستی سفر، تەنها بۆ هەندێک پێداویستی رۆژانەی وەک سەوزە و میوە و خواردەمەنی،بەشێوەیەکی سنوردار دەروازەکان کراوەن. نەبوونی ئەم جوڵە بازرگانییەش کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروستدەکات، کەمبوونەوەی بازرگانی و هەناردەنەکردنی شمەك و پێداویستییەکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پێداویستییەکان لە بازاڕ کە لەو مەترسییە گەورەتریش، گرانبوونی نرخەکانی بەدوادا دێت.

ئەوەی مەترسییەکە گەورەتر دەکات ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کێشەی دواکەوتنی مووچە و کەمی داهاتی هەیە بەهۆی ناکۆکییەکانی هەرێم و بەغداد، گرانبوونی کەلوپەل و پێداویستییەکانیش زیاتر لەوەی ئێستا هەیە، بارگرانیی گەورەتر بۆ هاوڵاتییان دروستدەکات و سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی دەخاتە مەترسییەوە.

**3.مەترسییەکانی وزە**

بەهۆی ئەم هێرشانەوە، هەر لە یەکەم رۆژەوە کۆمپانیاکانی نەوت و غاز بەرهەمهێنان و کارکردنیان راگرت، لەگەڵ دروستبوونی کێشەکانی ناوخۆی ئێران، کارەبا (پرۆژەی روناکی) لە هەرێمی کوردستان کوژایەوە، چونکە پێدانی کارەبای 24 کاتژمێری لە هەرێمی کوردستان راستەوخۆ پشتی بە بەرهەمهێنانی غاز بەستووە و راگرتنی بەرهەمهێنانیش راستەوخۆ کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بە دوو جۆر زیانی دەبێت یەکێکیان نەمانی متمانەی هاوڵاتییانە بە پرۆژەی رووناکی و دانانەوەی مۆلیدەکانیش کە دەبێتە خەرجییەکی دیکەی زیادە بۆ هاوڵاتییان، جگە لە زیانە ژینگەییەکانیشی.

مەترسییەکی دیکەش ئەوەیە کە بەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی غازەوە، نرخی غازی ماڵان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و نرخی بوتڵێك غاز لە 9 هەزارەوە بۆ زیاتر20 هەزار دینار بەرزبووەتەوە کە ئەمە دەکرێت هەم وەك مەترسییەکی وزە و وەك مەترسییەکی ئابوریش تەماشا بکرێت.

بەشێکی دیکەی مەترسییەکانیش راگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بوو لەڕێی بەندەری جەیهانی تورکییەوە، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا هەناردەکە دەستیپێکردووەتەوە، بەڵام ئەگەرێکی داخراو نییە کە دووبارە هەناردەی نەوت لەو بەندەرەوە رابگیرێت کە هەرێمی کوردستان دەخاتە بەردەم کێشەیەکی دیکەی دارایی لەگەڵ بەغداد ئەگەر بێتو ئەم جەنگە زیاتر درێژە بکێشێت.

مەترسیەکی دیکەش ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە بارهەڵگری نەوت لەڕێی دەروازەکانی ئێرانەوە رەوانەی دەرەوە دەکران، بە داخستنی دەروازەکان جوڵەی ئەو بارهەڵگرانە وەستاون و ناتوانرێت نەوتی هەرێمی کوردستان رەوانەی دەرەوە بکرێت.

## سێهەم: سیناریۆکانی جەنگ و داهاتووی هەرێمی کوردستان

### 1.سیناریۆی فراوانبوونی جەنگەکە

یەکێك لە سیناریۆکانی جەنگەکە، فراوانبوون و بەردەوامیی جەنگە (جەنگی درێژخایەن)، هەندێك لە ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەن کە ئەم جەنگە بەوشێوەیە نابێت کە کۆتاییەکەی نزیك بێت، سەرەتا دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند کە ئەم جەنگە بە چوار رۆژ کۆتاییدێت، بەڵام ئەم ئامانجە نەهاتەدی و لە دواتردا وتی لە چوار هەفتەدا کۆتایی دێت.

بەشێك لە ئاماژەکان بەو ئاڕاستەیەن کە ئەمریکا و ئیسرائیل چاوەڕێی ئەو بەرگرییەیان لە ئێران نەکردبوو، چاوەڕێی ئەوەش بوون کە لەگەڵ دەستپێکی هێرشەکان لە ناوخۆدا شۆڕش و خۆپیشاندان بۆ رووخاندنی رژێمەکە دەستپێبکات، کە ئەمەش تائێستا نەهاتووەتەدی، بەردەوامیی ئێران لەدوای کوژرانی عەلی خامنەییش یەکێکی دیکە بوو لەو رووداوانەی کە چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل، تا ئەو رادەیەی لە ماوەیەکی کورتدا ئێران موجتەبا عەلی خامنەیی وەك رێبەری نوێی وڵاتەکە دیاریکرد.

ئەگەر ئەم جەنگە درێژە بکێشێت و ئەمریکا جەنگی زەمینی لەرێگەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانەوە لەگەڵ ئێران دەستپێبکات، مەترسییەکان بۆ هەرێمی کوردستان چڕتر دەبنەوە، ئەگەر هەرێمی کوردستان بێلایەنیی خۆی نەپارێزێت، رێگە بدات خاکەکەی بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئێران بەکاربهێنرێت، ئەوا هێرشەکان بە ئاڕاستەیەك بۆسەر هەرێمی کوردستان چڕدەبنەوە، کە حکومەتی ئێران پەرچەکرداری توندی دەبێت و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکاتە ئامانج، هەرێمی کوردستان دەبێتە گۆڕەپانێکی شەڕ و ئاڵۆزی بەرچاو و گەورەی تێدا دروست دەبێت.

رەنگە بەشێکی دیکەی پەرچەکردارەکانی ئێران ئەنجامدانی هێرشی پێچەوانە بێت، بەجۆرێك هاوشێوەی ئەوەی لە رابردوو روویداوە، بەشێك لە خاکی هەرێمی کوردستان داگیربکات.

لە پاڵیشیدا هێرشی گرووپە چەکدارەکان چڕتردەبنەوە و بەردەوامدەبن بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کرودستان.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە بۆ لێدان لە ئێران بەکاربێت، هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەردەم مەترسیی پێشێلکردنیسەروەریی خاك لەلایەن عێراقەوە و ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە چڕتر و قوڵتردەبنەوە.

لە ئێستادا، ئەگەری روودانی ئەم سیناریۆیە لاوازە، چونکە هیچ لایەنێکی جەنگەکە شەڕی درێژخایەنی ناوێت لەبەر زۆری تێچووی ئابووری و گرانبوونی وزە و زیادبوونی زیانە مرۆییەکان. لەلایەکی تریشەوە ئەو تێگەیشتنە لای ئەمریکا و ئیسرائیل هەیە کە لە ناوخۆ ناتوانرێت رژێم لە ئێران بگۆڕدرێت و هێز و توانای گروپە چەکدارە بەرهەڵستکارەکان کەم و سنوردارە بەراورد بە دەسەڵاتی ئێران.

**2.سیناریۆی بەردەوامیی دۆخەکە**

بە پێی ئەم سیناریۆیە دۆخەکە بەمجۆرەی هەیە بەردەوامدەبێت، جەنگ بەردەوامدەبێت لەنێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل، بۆ هەرێمی کوردستان دۆخەکە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا نایەت و هێرشەکان لە چوارچێوەیەکی سنورداردا دەکرێتەسەر بنکەکانی ئەمریکا، هێرشی گروپەچەکدارەکانیش بۆسەر هێزەکانی پێشمەرگە و هۆتێل و کێڵگە نەوتییەکان بە فشاری سیاسی کۆنترۆڵ دەکرێن .

هەرێمی کوردستان بێلایەنیی خۆی دەپارێزێت و بەشداری لە شەڕی هیچ لایەنێکدا ناکات و رێگە نادات خاکی هەرێمەکە بۆ هێرشەکان بەکاربێت و هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە دەدات.

لەم سیناریۆیەدا، ئەگەری هەیە ئێران ناچاربێت دەست بە گفتوگۆکان لەگەڵ ئەمریکا بکات، یاخود بە بارێکی دیکەدا ئەمریکا فشاری ناوخۆیی و ئابووریی گەورەی رووبەڕوو ببێتەوە و ناچار ببێت کۆتاییەك بۆ ئەم شەڕە دابنێت.

ئەگەری رووادانی ئەم سیناریۆیە رێژەکەی لە سیناریۆی یەکەم زیاترە، چونکە تا ئێستا لێدوانی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێرانیش بە ئاڕاستەیەك نییە هەڕەشەی بەردەوامیی شەڕ هەبێت، لای خۆشیەوە هەرێمی کوردستان تا ئەم ساتە توانیویەتی بێلایەنیی خۆی بپارێزێت و لەم شەڕەدا تێوەنەگلاوە، هەتا زووتریش شەڕ کۆتاییبێت، دۆخەکە سەلامەتتر دەبێت.

**3.سیناریۆی کۆتاییهاتنی جەنگ**

هاوشێوەی جەنگە 12 رۆژییەکەی ساڵی رابردوو، کۆتاییهاتنی جەنگ بە بردنەوەی هەردوولا (WIN-WIN) کۆتایی بێت، بەپێی ئەم سیناریۆیە، ئەمریکا فشارە ناوخۆییەکانی بۆ درێژەدان بە جەنگ زیاد دەکات، تێچووە ئابوورییەکان دەبێتە کێشە بۆسەر، هەوڵدەدات رێگەیەك بدۆزێتەوە کۆتایی بە جەنگەکە بهێنێت بەجۆرێك وەك براوە دەربکەوێت.

ئەمریکا و ئیسرائیل خۆیان بە براوە دەزانن، چونکە بەشێکی زۆری سەرکردەکانی ئێران دەکوژرێن، بەرنامەی ئەتۆمی و سیستمیموشەکی بالیستی و کەشتیگەلی ئێران لەناوبراوە و توانا سەربازیی سوپای پاسداران لاوازکراوە، هەروەها بەرەی مقاوەمە و پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکە لاواز کراوە بۆیە ئەمریکا دەتونێت بڵێت: ئامانجی خۆمم بەدیهێناوە و مەترسییەکانی ئێرانم نەهێشتووە.

لەبەرامبەردا، ئێران خۆی بە براوە دەزانێت، چونکە هەرچەندە رابەری باڵا و سەرکردەکانیان کوژراون و رووبەڕووی دوو وڵاتی پێشکەوتوو سەربازی بووەتەوە، بەڵام توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێت و پارێزگاری لە رژێمەکەی کردووە و هەموو بنکەکانی ئەمریکا لەناوچەکە بۆردوومان کردووە و گەرووی هورمزی داخستووە و ئیسرائیلی موشەک برانکردووە..هتد.

بەگوێرەی ئەم سیناریۆیە، ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران خۆیان بە براوەی شەڕەکە دەزانن، لە وێنە گەورەکەدا کەسیان نەدۆڕاون، بۆیە جەنگەکە کۆتاییدێت.

هەرێمی کوردستان لەم سیناریۆیەدا سەلامەت دەبێت، هێرشەکان بۆسەری کۆتاییان دێت و مەترسییە ئابوری و ئەمنییەکان لەسەری کەمدەبێتەوە و دۆخەکە بەرەو ئاساییبوونەوەی پێش جەنگ دەڕوات.
ئەگەری رووادانی ئەم سیناریۆیە بەهێزە بەهۆی قورسیی بەردەوامبوونی جەنگەوە و کۆتایی جەنگە 12 رۆژییەکەی ساڵی رابردوو.

## پێشنیازەکان

1. پێویستە هەرێمی کوردستان لە هەموو دۆخێکدا، تا ئارامبوونەوەی شەڕ و کۆتاییهاتنی، بەردەوام بێت لە پاراستنی بێلایەنیی خۆی و رێگەنەدات بە هیچ جۆرێك لەم شەڕەوە تێوەبگلێت.

2. بەهێزکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، بەمەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئامادەسازی بۆ رووبەڕووبونەوەی هەڕەشە و تەحدییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

3. هێشتنەوەی کەناڵی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەریەکە لە ئێران و ئەمریکا و نەپچڕانی پەیوەندییەکان لەگەڵ هیچ لایەنێکیان.

4. بوونی گوتارێکی یەکگرتوو و یەکخستنەوەی گوتاری سیاسی و یەکدەنگیی ماڵی کورد، بۆ پاراستنی زیاتری هەرێمی کوردستان لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی.

5. رێکخستنەوەی سیاسەتی کارکردنی میدیایی و رێگەنەدان بە دروستکردنی دووبەرەکی لەلایەن دەزگا میدیاییەکانەوە، هەروەها دانانی رێکارێکی کارکردنی میدیاکان بە شێوەیەك مەزاجی هاوڵاتییان تێکنەدات و ترس بڵاونەکاتەوە.

6. هەوڵدان بۆ رێکخستنەوەی بازاڕ و رێگریکردن لە گرانبوونی نرخ و شمەکەکان و چاودێریی بەردەوامی بازرگانان، هاوکات دڵنیابوونەوە لە بوونی بڕی پێویست لە خۆراك و پێداویستییەکان لەنێو کۆگاکاندا.

7. پڕکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، بۆ پاراستنی خاکی هەرێم لەم هەڕەشەیە و هەر مەترسییەکی دیکە لە داهاتوودا.

8. هەوڵدان بۆ پەیداکردنی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی سایبەر سکیوریتی و پەرەدان بە توانا درۆنییەکان کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە شێوازی جەنگ لە جیهاندا دروستبووە.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq